سەيد حەكيم : گەشتيارى سەرچاوەيەكى گرنگە بۆ فرەكردنى ئابوورى عێراق و داوا دەكەين پرۆژەكان بەهاوبەشى لەگەڵ كەرتى تايبەت و وەبەرهێنەران بەجووڵە بخرێت



بەڕێز سەماحەتى سەيد حەكيم سەرۆكى هاوپەيمانێتى هێزە نيشتمانييەكانى دەوڵەت لە نووسينگەى خۆى لە بەغدا پێشوازى لە بەڕێز عەلى عەبدولهادى دخيلى وەزيرى گەشتيارى و شوێنەوار كرد كە تازە متمانەى پەرلەمانى وەرگرتبوو و لەم ديدارە بەڕێز حەكيم هيواى سەركەوتنى بۆ خواست پاش دەستبەكاربوونى بەفەرمى لە پۆستەكەيدا.

سەيد حەكى ئاماژەى بە گرنگى گەشتيارى لە عێراق كرد بەهۆى ئەوەى تواناى گەشتيارى و ئاينيو فرەيى سروشتى گەورەى هەيە، ئەوەش وادەكات ببێتە شوێنێكى خوازراو بۆ گەشتياران لەهەموو ولاتان، جەختيشى كردەوە لەسەر گرنگى بەجووڵە خستنى پرۆژە گەشتيارييەكان بەهاوكارى كەرتى تايبەت يان لەڕێگاى وەبەرهێنان و گوتيشى گەشتيارى سەرچاوەيەكى گرنگى داهاتە بۆ فرەيى ئابوورى و دوور كەوتنەوە لە دەوڵەتى تاك داهات، بەپشت بەستن بە سەرچاوەى ديكەش وەك كشتوكاڵ و پيشەسازى و وەبەرهێنان وتەكنل□ژياى تازە.